# ئارام کاکەی فەللاح:

# حەزم لەو تێکستانە نییە کە لە دەرەوەی واقیع و مێژوو دەژین!

سازدانی دیدار: کامەران سوبحان- ئیدریس عەلی

**لەم دیدارەدا (ئارام کاکەی فەلاح) وەک چیرۆکنووسێک قسە لەسەر ئەزموونی چیرۆکنووسیی خۆی دەکات، دواتر بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە لە قۆناغەکانی رابردووی چیرۆکی کوردی دەڕوانێت و بە جورئەتەوە قسە لەسەر ئەزموونی چیرۆکنووسینی چەند نەوەیەکی جیاوازی چیرۆکی کوردی دەکات، هەر لە (محەمەد مەولود مەم)ەوە، تا حسێن عارف و شێرزاد حەسەن و عەتای نەهایی، بۆ هەریەک لەم چیرۆکنووسانە دیدێکی ڕەخنەگرانەی تایبەتی هەیە و بە جورئەتیشەوە بۆچوونەکانی خۆی لەسەر چیرۆک و تەکنیکی ئەوان دەخاتە ڕوو..**

*پێمانخۆشە سەرەتای دیالۆگەکەمان لەسەر ڕەگەزێکی تایبەت لە تەکنیکی چیرۆکەکانی تۆدا قسە بکەین، لە ئەزموونی چیرۆکنووسینتا هەست بەوە دەکەین گێڕانەوەی حیکایەتەکانی منداڵی خۆت ڕەگەزێکی سەرەکییە لای تۆ، بەشێوەیەک خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا هەستدەکات یاداشتی منداڵی نووسەرێک دەخوێنێتەوە، تۆ هەستناکەیت ئەو شێوازە لە گێڕانەوەی منداڵی سەرتاپای تەکنیک و شێوازی گێڕانەوەی تۆی داگیر کردووە لە کاتی چیرۆکنووسیندا؟

- لە ڕاستیدا ڕەنگە بەو شێوازە تایبەتمەندییە نەبێت کە ئێوە وا پۆلێنی بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا خودی منداڵیی بابەتێکی گرنگە بۆ چیرۆک و ڕۆمان، نەک تەنها لای من بەڵکو لای هەموو نووسەرێک، من لەم دواییانەدا بە بێ ویستی خۆم منداڵیی هاتۆتە ناو چیرۆکەکانم، بۆ نموونە لەچیرۆکی (گریبەستە لەگەڵ تاریکیدا) من باسی پاڵەوانێکی کوێر دەکەم کە بوخچەیەکی تۆزاوی دەکەوێتە سەرچاوی، من خۆم تەمەنم دوو ڕۆژ بوو بردمیان بۆ لای باوکم بۆ زیندان، لەوێ من بەرز دەکەنەوە، یەک بوخچەی تۆزاوی دەکەوێتە سەرچاوم، کە بە سەقفی ژوورەکەدا هەڵواسرابوو، دایکم ئەمەی بۆ باسکردووم کە دوای ئەوە یەک دوو مانگ چاوەکانم ئاوساون، ئەمانە هەر لە خۆوە دێنەوە ناو چیرۆکەکانم، هەروەها لە چیرۆکی «وێنەکان دووبارە دەبنەوە» من دوو هاورێم هەبوون برای یەکتر بوون، باوکیان دووکانی هەبوو، باوکیان لە پێشەوە دەڕۆیشت، برا گەورەکەی یەک دوو مەتر لە دوای باوکییەوە و برابچکۆلەکەش بە هەمان شێوە لە دوای براگەورەکەیەوە، ئەم سیانە هەموو ڕۆژێک بەم





کامەران سوبحان– ئارام کاکەی فەللاح – ئیدریس عەلی

شێوەیە دەرۆیشتن بۆ دوکان و بە هەمان شێوە دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە، من ئەو کاتە زۆر منداڵ بووم، دواتر لە گەورەبووندا تەماشا دەکەم ئەم وێنانە بێئەوەی خۆم بمەوێت دێنەوە ناو چیرۆکەکانم ، لە چیرۆکی (درەوشانەوەی مەحاڵ) دا تیپێکی فتبۆڵێن هەیە کە زۆربەیان هاوڕێم بوون ئەمانەش بتەوێ و نەتەوێ دێنەوە ناو چیرۆکەکانم، دواجار ئەو منداڵییە لەناو زۆر بابەتی دیکەدا دەتوێتەوە، ئەم حاڵەتانە وای لێدێت ئەو پرسیارانە لای ئێوەو هەندێ خوێنەریتر بخوڵقێت، کە وابزانن من بە تەواوەتی چیرۆکی منداڵیی خۆم لە ئەزموونی چیرۆک نووسینمدا دەگێڕمەوە. من بڕوا ناکەم هیچ نووسەرێک بنووسێت و بتوانێ منداڵیی بکاتە دەرەوە، من باسی منداڵیی دەکەم، بەس لەوانەیە هی من نەبێت، بەڵکو بۆ نمونە وەک لە «نووسینەوەی دڕک» دا منداڵیی نەوەیەک بێت کە لە منەوە نزیکە، من چەندەها خوێنەر پێیان وتووم کە منداڵیی خۆیان بیرکەوتۆتەوە کاتێ نووسینەوەی دڕکیان خوێندۆتەوە. ئەوەش بۆ من زۆر گرنگە.

* هەستناکەیت ئەم شێوازو تێڕوانینەی تۆ بۆ چیرۆک پێچەوانەی ڕایەکی (جیمس جوێس) ە کە پێیوایە گێڕانەوەی چیرۆک گاڵتە کردنە بە حەقیقەت و منداڵیی وبەشێکە لە هەڵگەڕاندنەوەی یادەوەری نووسەر بە جۆرێکی پێچەوانەو جیاواز، بەڵام تۆ ئەو وێنانەی منداڵیت جارێکی دیکە نمایشدەکەیتەوەو وەک خۆی .. ئەمە چۆن لێکدەدەیتەوە؟

–تۆ بە گێڕانەوە منداڵیی جارێکیتر دروستدەکەیتەوە، وەک خۆی نا، بەڵام واقیعێک دروستدەکەیتەوە کە لە خەیاڵدا نەماوەو زۆر دوورە و وەک سێبەر و تارماییەکی لێڵ، تۆ پێتوایە بە چیرۆک و وشە ئەم وێنانە زیندوو دەکەیتەوە، من پێموایە ئەمە زیندووکردنەوەیەکی جوانە، ئەمە دروستکردنەوەی ژیانە بە جۆرێکیتر، نووسین چییە جگە لە خوڵقاندنی ژیانێکیتر. کۆمەڵێک ڕاستیی هەن کە وا لە تۆ دەکەن ڕێگەیەکی نا ڕاست بگریت بۆ گەیشتن پێیان، نووسین خۆی ریگەیەکی ناڕاستە بۆ گەیشتن بە ڕاستیی.، ریگایەکی خەیاڵییە بۆ گەیشتن بە واقیع، بەڵام واقیعێکی کۆپیکراو نا، بەڵکو تەواو جیاواز، جیمس جۆیس نووسەرێکی گەورەیە بەڵام مەرج نییە هەرشتێکی وت ئیتر بۆ هەموو کاتێک بخوا یان بۆ هەموو کەسێک وا بێت، گێڕانەوەی چیرۆک چەندە گەڵتەکردنە بە حەقیقەت ئەوەندەش دروستکردنی حەقیقەتە، هەموو نووسەرێک پێناسەی جیای هەیە،

ڕەنگبێ گێڕانەوە دروستکردنەوەی حەقیقەت بێ بە جۆرو فۆرمێکیتر، من لە چیرۆکی (درەوشانەوەی مەحاڵ)دا باسی شتێکم کردووە، نووسەرەکە دەڵێت من کاپتنی تیپەکەم پێویستیم بەوانەیە کە مردوون، دەمەوێت زیندوویان بکەمەوە ئەوانەی کە پێکەوە یارییانکردووە هەشتیان مردوون و سیانیان ماون، ئەم دەچێت جارێکیدیکە زیندوویان دەکاتەوە و ژیانیان پێدەبەخشێتەوە و دەڵێت من مەجبوورم ئەمانە زیندوو بکەمەوە، وەک وتم ئێمە تیپێکی فوتبۆڵمان هەبوو ناوی زەبوون بوو، بەڵام لەوە زیاتر نا، هەرچی شتێک کە لە چیرۆکەکەدا ڕوویداوە پەیوەندی بە خەیاڵەوە هەیەو دوورو نزیک لە واقیعدا ڕووی نەداوە. من وەک خۆی منداڵییم نمایش نەکردۆتەوە، بەڵام گەر خوێنەر منداڵیی خۆی تیایاندا دەبینێتەوە، ئەوە ئیتر بۆ من جێگەی خۆشحاڵییە. بۆیە هیوادارم لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەدا خوینەرەکانم کەوتبن بەسەر ئەم ڕاستییەدا.

* خەیاڵ و فەنتازیا چ ڕۆڵێکیان هەیە بۆ گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانە، لە شێوازێکی جیاوازدا، بۆ نموونە تۆ لەچیرۆکی ( درەوشانەوەی مەحاڵ) دا باسی فتبۆڵین دەکەیت، ڕەنگە فتبۆڵێن چیرۆکێکی حەقیقی بێت لە ژیانی تۆدا، بەڵام تۆ چۆن وا لەخوێنەر دەکەیت ئەو چیرۆکە وەک خۆی نەمێنێتەوە و تێکەڵاوبکرێت بە فەنتازیا؟

- لەڕاستیدا فەنتازیا مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و پڕ بایەخە، فەنتازیا خۆی یارمەتیمان دەدات بۆ گێڕانەوەی واقیع، لێرەوە فەنتازیا تەنها یارمەتی دەرە، بۆیە بەهەردوو دیوەکەدا گەر واقیع بە بێ فەنتازیا بنووسینەوە نابێ بە ئەدەب، هەروەک چۆن تەنها فەنتازیای ڕووت بنووسینەوە دیسانەوە نابێ بە ئەدەبێکی پڕ چێژ وەک بۆ نموونە ڕۆمانی (مامزێر)ی هاوڕێی خۆشەویستم کاروان کاکەسوور، هەرچەندە من گومانم هەیە زۆر لەو بەرێزانەی لەسەر ئەو ڕۆمانەیان نووسیووە یان هەر لەخۆیانەوە مەدحی دەکەن ، پڕاو پڕ خۆشیان بزانن کاروان لەو ڕۆمانەدا دەیەوێ چی بڵێ، هۆکەشی ئەوەیە پاڵەوانەکە خۆی زمان و بیرێکی ڕوونی نییە، دێن و لە خەیاڵی خۆیاندا شتێک دەدۆزنەوەو دەڵێن ئەم ڕۆمانە باسی ئەنفال و مێژووی هەولێر و ڕەوەکەو ئەو شتانە دەکات، ئەمەش جێگەی داخێکی گەورەیە، خۆ ئەدەب مەتەڵ نییە خوێنەر هەڵیبێنێ، کەس پێویستی بەوە نییە ئەوە هەڵبێنێ کە بۆ نموونە ( خالید حوسەینی) لە ( هەزارەها پرشنگی خۆر) دا دەیەوێ چی بڵێ، یان بەختیار عەلی لە ( کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) دا باسی کەی دەکات، بەڵکو ئەوە گرنگە ئەو دوو ئازیزە چی دەڵێن و چۆنی دەڵێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من لەم دواییانەدا دیدارێکی (کاروان کاکە سوور) م لەگۆڤاری ئایندەدا خوێندەوە بە ڕاستی لەو دیدارەدا کاروان شتی جوانی لەسەر فەنتازیا وتووە، بەڵام من ئەوەی لەگەڵیدا کۆک نیم ئەوەیە کە کاروان کاکەسوور پێیوایە فەنتازیا دواجار دەبێتەوە بە سیستم لەناو وشەدا، بەڵام من وایدەبینم فەنتازیا ناچێتە زیندان، بەڵکو لە دەرەوەی ژیانی واقیع ژیانی خۆی دەژی، بە بێئەوەی بچێتە ناو زیندانی وشەوە، دواجار فەنتازیا خۆی نادات بە دەستەوەو کەمێکی دێتە ناو وشەوە، بۆیە من لەگەڵ کارواندا لەم مەسەلەیەدا هاوڕا نیم، چونکە وەک ئاماژەم پێدا فەنتازیا ژیانی خۆی دەژی بە بێ وشەکان تۆزێکی لێ ڕاو دەکەیت تا تۆزێکی بدەیتەوە بە واقیع و بە تێکست، بەڵام بەگشتی ڕێژەیەکی زۆری فەنتازیا لە دەرەوەی تێکست و وشەکان دەمێننەوە، ڕەنگە ئەمەش خاڵی جیاوازی من و کاروان بێت لەسەر فەنتازیا. دوا جار نەک تەنیا ئەوە بەڵکو فەنتازیا لەناو زیندانی وشەکانیشدا( گەر لە نیتشەوە ناوی بنێین زیندان) ژیانی خۆی دەژی، وەک کۆمەڵێک ( مافیا) کە گەر لە زیندانیشدا بن هەموو ئیشەکانی دەرەوەیان بە بێ گرفت ڕادەپەڕێنن. کاروانی هاوڕێم ڕاست دەکات سیلفادۆر دالی وێنەی کاتژمێرەکەی نەگۆڕی، بەڵام بە بڕوای من گەر بیویستایە دەیکرد، بەڵام خۆی نەیویست، بەڵکو جوانتر بوو وەک

گەڵایەک بە درەختێکی وشکدا شۆڕی بکاتەوە، یان وەک مۆمێکی تواوە یان قوڕێکی دەستکرد بە مێزێکدا بیهێنێتە خوارەوە، با نموونەیەک بێنمەوە بۆ زیندانکردنی فەنتازیا لە ناو تێکست و وشەدا، لە ڕۆمانی ( کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) دا، زۆر بە ڕوونی تۆ هێڵێک لە ناو ڕۆمانەکەدا دەبینی، کە واقیع و فەنتازیا لێک جیا دەکاتەوە، هەرچەندە کاکە بەختیار کە چەند نووسەرێکی گەورەیە و چەند جوان لە ناو یەکدا دەیانتوێنێتەوە، بەڵام هەر واقیعت لێ وننابێت و فەنتازیاش ناچێتە زیندانییەوە، هەردوو ڕۆمانەکەی ( خالید حوسەینی) ش بە هەمان شێوە، ( کۆلارە باز و هەزارەها پرشنگی خۆر) ، کە دواجار وەک لە سەلفادۆر دالیدا وتم کە خۆی نەیویستووە، نووسەرانیش بە هەمان شێوە نایانەوێ .

*** بەڵام هەستناکەیت لێکچوونێکی زۆر هەیە لەنێوان هەندێ لە چیرۆکەکانی تۆو کاروان کاکە سووردا چونکە ئەویش زۆر بە قووڵی لەسەر یاداشتی منداڵی و نۆستالژیا دەوەستێت، لە هەندێ ڕایەڵەوە تەکنیکی نووسینی تۆ نزیکە لە تەکنیکی نووسینی چیرۆکەکانی ئەو؟**

- بێگومان لە تەکنیکدا نا، من و کاروان لەڕووی بابەتەوە بیرکردنەوەمان لەیەکەوە نزیکە، بەڵام بەردەوامیش من و ئەو شەڕمان بووە لەسەر فەنتازیا و تەکنیک، (بەڵام شەڕێکی مەعریفیانە) دەزانی کاروان لە من زیاتر منداڵیی دێنێتەوە ناو چیرۆکەکانی، لە من زیاتر کاریان لەسەر دەکات، بۆیە هەندێ جار هەستدەکەم ئەوەی کاروان دەیکات تەنها نووسینەوەی منداڵیی خۆیەتی. من زیاتر منداڵیی وەک بەکارهێنانێک بەکار دێنمەوە لەناو واقیعی ئێستادا، بەڵام ئەو زیاتر ئیش لەسەر ئەوە دەکات شتەکان لەناو منداڵییدا بهێڵێتەوە، تۆ سەیری (منداڵییم ئاسکێک بوو.....) یان کۆمەڵەی (ئەسپی دیلۆن) من فەنتازیا بەشێوازێکیتر بەکار دێنم، چیرۆکەکانم دەتوانم ناوبنێم چیرۆکی کراوە، بەو مانایەی کە تۆ هەر کاتێک بتەوێت دەتوانیت بچیتەوە ناو چیرۆکەکانم چیرۆکی دیکەیان لێدروست بکەیت، من هەرگیز چیرۆکم دانەخستووە بە مانای قفڵی تەواو، بەڵکو بە کۆتاییەکی کراوە بۆ خوێنەرم جێهێڵاوە، بۆ نموونە چیرۆکی «گوڵی ڕەش»ی شێرزاد حەسەن زۆر چیرۆکێکی جوانە، بەڵام کە دەیخوێنیتەوە سەرباری جوانییەکەی دەوەستێ و ناتوانیت لەناو ئەو چیرۆکەدا شتێکی دیکە دروستبکەیت، بەڵام وەرە سەیری (گرێبەستە لەگەڵ تاریکی) ، کە چیرۆکێکی منە و خوێنەر بەردەوام پێمدەڵێت نەشتەرگەری چاوەکانی پاڵەوانەکەت سەریگرتووە یان نا؟ ئەمە مانای ئەوەیە کە چیرۆکەکە لە دڵیاندایە، سەیری چیرۆکی (دڵێک لەکەلاوە) خوێنەر بەردەوام لێم دەپرسێت پاڵەوانەکەت ئەو چوار ساڵە گەڕایەوە یان نا؟ کەلاوەکانی وڵاتی درووستکردەوە یان نا؟ ، لەچیرۆکی ( باوکی ناو تەلەفۆن)دا دەتوانیت جارێکی دیکە ئەم باوکە بچێتەوە لای دکتۆرەکە و بڵێت ئەوە چوار شەممەیەو بەشێکی دیکەی ژیانی خۆی باسبکاتەوە، ئەو سێ چیرۆکەی غەریب ریکۆرد لە نووسینەوەی دڕکدا، درەوشانەوەی مەحاڵ، دیلی دەنگەکان، ئەو کوڕەی لە زۆر کەس دەچێت و هتد،، ئەمانە چیرۆکی کراوەن، هەرچەندە ئەو چیرۆکانە وەک چیرۆکێکی سەربەخۆ تەواو بوون، بەڵام هێزێکی تریان تیایە کە وا دەکات بەردەوام بن، هێزێکی ناوەکی وەک پەنجەرەیەک بەرەو ڕووی ئاینده. هەندێ لە چیرۆکەکانی (هەورامان وریا)ش ئەو کراوەیەی تیایە و من زۆر چێژیان لێدەبینم، هەموو ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی وان، ڕۆمانی حەساری شێرزاد حەسەن وایە، ڕۆمانی (ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک) ی عەتا محەمەد بە هەمان شێوە، منداڵییم ئاسکێک بووی کاروان کاکە سوور. هەر چیرۆکێک پڕ بوو لەفەنتازیا تۆ هەمیشە دەتوانیت بچیتەوە ناوی و کاریان لەسەر بکەیت، بە پێچەوانەشەوە هەر چیرۆکێک فەنتازیای کەمبوو دەمرێت و ناتوانیت کاریتری لەسەر بکەیت و زیندووی بکەیتەوە.

*** بێگومان هەندێ لە چیرۆکنووسان و شاعیران**

بەردەوام کار لەسەر گێڕانەوەی منداڵیی دەکەن لەگەڵ ئەو چیرۆکە وردانەی منداڵیی تۆدا بەشێک نین لەفەنتازیا، بە جیاوازی زمان و تەکنیک و گێڕانەوەی جیاوازەوە، یاخود خودی ئەوکارەکتەرانەی ناو چیرۆکەکانت بەشێک نین لەواقیعی فەنتازی، دواجار دەپرسم گرنگی گێڕانەوەی حیکایەتە وردو بەش بەشەکانی منداڵیی چییە لە ئەدەبدا؟

- منداڵیی بۆ خۆی کۆمەڵێک فەنتازیایە کە گەورەش دەبێت کۆمەڵێک فەنتازیا لەدەرەوەی خۆی دەبینێتەوە، لەبەر ئەوەی دەبێتە بەشێک لەیادەوەری، ئەم یادەوەرییانە هەمیشە دێنەوە ناو چیرۆک، بەڵام کۆڵانەکان، ناو قوتابخانە، شەقامەکان لەلای من و چیرۆکنووسێکیتر زۆر جیاوازە... جاری واهەیە زۆر بە زەقی لای چیرۆکنووسێک ئەو شتانە دروست دەبن جاری واهەیە بەشێکی کەمی لێ هەڵدەگریت و دەیهێنیتەوە ناو واقیع، باسی حیکایەتیشت کرد، دەزانی حیکایەت ڕەگەزێکی زۆر دەوڵەمەندو فراوانە، ئەو حیکایەتانەی ئێمە بە منداڵی بۆمان کرا جارێکیدیکە دێنەوە ناو چیرۆکەکانمان، من «کاریتە» ی کچم هەمیشە بە حیکایەت دەخەواند، سەرەتا من پێمدەوت بەچی دەست پێبکەین ئەویش دەیوت ( ڕۆژێکیان مێروولەیەک چووە سەر دارێک) ئیتر داوای لەمن دەکرد تەواوی بکەم، ئەو دوو حیکایەتەی لە هەردوو چیرۆکی باوکی ناو تەلەفۆن و دیلی دەنگەکاندا هەیە، هەردووکیان لەو حیکایەتانەن کە کاتی خۆی بۆ کچەکەمم کردوون و بە تەکنیکێکی نوێوە ئیشم لەسەر کردوون، بە گشتی چ حیکایەتی خۆت بێت لەناو کۆڵانەکاندا، چ حیکایەتی کەسانی نزیک بێت، بەشێوەیەک لە شێوەکان دێنەوە ناو چیرۆکەوە.

*بابەتەکە تەنها وەک یادەوەری دەمێنێتەوە یاخود ڕەگەزی چیرۆکیشی دەبێت؟

- بێگومان هەتا نەیکەیتەڕەگەزێکی گرنگی چیرۆک و لەناو چیرۆکدا نەیتوێنیتەوە وەک یادەوەری دەمێنێتەوە، بەڵام کە چووە ناو پرۆسەی نووسینی چیرۆکەوە لە یادەوەریی دەردەچێت.

* بەڵام بیریشت نەچێت نووسینەوەی یادەوەرییش بۆ خۆی گرنگی هەیەو خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆیەتی، من هەمیشە بیرەوەریەکانی نووسەری دانیمارکی ( ماریا ڤینە) بە نموونە دێنمەوە کە خوێنەر لە دواجاردا هەستدەکات بەر ڕۆمانێکی زۆر جوان کەوتووە، بە گشتی بۆ نووسەرانی لایەنی گێڕانەوەی ژیانی خۆیان بەلاوە گرنگ نییە؟

- ئەوە پێی دەڵێن خۆکردن بە فەنتازیا، واتە ئینسان خۆی دەکات بە ئەزموون و دەچێتە لابوری خۆیەوە، بەڕای من هەمیشە یەکەم نووسین و یەکەم ڕۆمان مرۆڤ لەخۆیەوە سەیر دەکات و زۆر شاعیرانە تەماشای ژیان دەکات، کەواتە هەموو کەسێ دەتوانێت خۆی بکاتە بابەتی نووسین، جگە لەوەش زۆر ئەستەمە کەسێک بێت و تەواوی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە، ئەگەریش توانی بیکات پێویستە فەنتازیایەکی زۆر گەورە بەکار بێنێت بۆ ئەوەی خوێنەر وەک ڕۆمانێک لێی وەربگرێت و وەک ئەدەب لێی قبوڵ بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە چەند نموونەیەکمان هەیە بۆ نموونە چیرۆک هەیە زۆر بە زەقی باسی هەڵەبجە دەکات یان باسی ڕووداوێکی جەرگبڕ و ناخۆشی تەقینەوەیەکی کەرکوک دەکات ، یان ئەنفال یان ڕووداو و تراژیدیایەکی خێزان، گەر تۆ بێیت و ڕووداوەکە وەک خۆی بگوێزیتەوە، لەگەڵ ڕێزی زۆرمدا بۆ ئەو کەسانەی لەو ڕووداوانەدا بە شێوەیەکی دڕندانەو ناشرین و غەمگین تیا دەچن، چەند هەستیشت ببزوێت نایکات بە ئەدەب، مارکیز لە بیرەوەرییەکانیدا ( زیندووم بۆئەوەی بگێڕمەوە) ئامۆژگارییەکی دایکی باس دەکات کە بۆ پرۆسەی نووسین سوودێکی زۆری پێبەخشیوە، دەڵێ (کوڕم ئاگات لێ بێ، ئەو ڕووداوانەی کە لە واقیعدا ناشرینن، قەت لە ناو ئەدەبدا جوان نابن)، دواجار ئەستەمە بە بێ فەنتازیا جارێکی دیکە دایڕێژیتەوە وەک چیرۆک، لە ڕاستیدا من ئەم کۆپی کردنە زەقە ناو دەنێم دژە چیرۆک. لەگەڵ ئەوەشدا من نووسینەوەی فەنتازیایەکی ڕووتم پێ باش نییە و

حەزم لەو تێکستانە نییە کە لە دەرەوەی زەمەن و دەرەوەی زمان و دەرەوەی واقیع و مێژوو دەژین، من زۆر ڕۆمانسییانە سەیری ئەو شتانە ناکەم و بڕوای تەواوم بەوەیە کە هەچ تێکستێک بە قووڵیی بە زەمەن و مرۆڤی سەردەم و واقیعی خۆیەوە گرێ نەدرابێت، ناتوانێت لە زەمەنەکانی تریشدا بخوێندرێتەوە. بۆیە هەمیشە دەبێ هاوسەنگییەک هەبێت لە نێوان واقیع و فەنتازیادا بۆ ئەوەی تێکستەکە جوان بێت.

* واتە جیاوازی تۆ و ئەوانیدیکە ئەوەیە کە تۆ حیکایەتەکانی ڕابردوو دێنیتەوە بە شێوەیەکی فەنتازی دایدەڕێژیتەوە؟

- ئاخر گرفتەکە ئەوەیە کە تۆ دەتوانیت ئەو شتانە بێنیتەوە، بەڵام هێنانەوەیان پێویستی بە هێز و توانایەکی گەورەیە، نابێت خودی واقیعەکە وەک خۆی چۆنە بگوێزیتەوە ناو تێکست، لێرەشدا فەنتازیا یارمەتیت دەدا کە واز لە کۆپیکردن بێنیت و واقیعێکی تازە دروستبکەیت بەدەر لەوەی کە هەیە، جا لێرەدا خوێنەر لەبەردەم دوو واقیعدا دەبێت، یەکێکیان ئەوەی خۆیەتی کە تیا دەژی و ئەویتریان ئەوی تۆیە کە دەیخوێنێتەوە، دوورو نزیکی ئەو دوو واقیعەش لە یەکەوە جوانیی تێکستمان پێشاندەدات، بۆیە نووسەر هەمیشە دەبێ ئاگای لەو باڵانسە بێت لە نێوان ئەو دوو واقیعەدا هەیە. چیرۆک ژیانی واقیعێکی تایبەتی خۆی هەیە جا کە تۆش هاتی هەمان واقیعت گێڕایەوە دواجار جگە لە واقیعێکی لاواز شتێکی دیکە نابێت، گرفتەکە لەوەدایە زۆربەی زۆری چیرۆکی کوردی بەو شێوەیە واقیع دەگێڕێتەوەو بەو شێوەیە واقیع بۆ ناو تێکست تەوزیف دەکات. بە بێ تەکنیکیش ئەو پرۆسەیە بەڕێوە دەچێ.

* بەڕای تۆ لای ئەو نەوەیەی کە باسی دەکەیت لە چیرۆکنووسین هەمووی بەو شێوەیەیە، بۆنموونە (محەمەد مەولود مەم)یش بەو شێوەیە چیرۆکی نووسیوەو بەو شێوەیە کاری بە تەکنیکی چیرۆکنووسین کردووە؟

- من ڕێزم بۆ سەرجەم ئەو نووسەرانە هەیە، بەڵام هەموویان وەهابوون و بێ تەکنیک بوون، یان تەکنیکێکی زۆر لاوازیان هەبوو، کوا تەکنیک لە ڕۆمانی ( ڕێگا) دا؟ ئێمە زۆر بەهەڵە لە تەکنیک تێگەیشتووین، تەکنیک یاریکردنە بە گێڕانەوە، تەکنیک بریتییە لەوەی شتێک دەگێڕیتەوە، ئەم گێڕانەوە چۆن دەبەستیتەوە بە گێڕانەوەیەکی ترەوە و چۆن لە ناوەوە دروستی دەکەیتەوە. بەبێ ئەوەی هارمۆنییەتی گێڕانەوە لەدەست بدەیت، چۆن سەفەر بەناو تێکستەکەدا دەکەیت و تەکنیک لەو سەفەر و گەڕانەتدا یارمەتیت دەدات، نەک ڕێگات لێ ونبکات و خۆت و خوێنەرەکانیشت ونبکات. بە زمانێکیتر تەکنیک ئەو هێزە ناوەکییەیە کە هەڵدەستێ بە ڕێکخستنی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ناو چیرۆک و ڕۆمان. تۆ سەیری ئەو چیرۆکەی من ( ئەو پیاوەی بوو بە بەرد) ، یەکەمجار لەناوەڕاستەوە دەستپێدەکات دواتر دەچێتەوە سەر سەرەتا، دواتر دەچێتەوە ناکۆتایی، بەبێئەوەی هەستبکەیت کە دابڕاویت لەچیرۆکەکەو لە هێڵی ڕووداو و بەسەرهاتە گشتییەکە. لە ڕاستیدا من کەمێک باسی تەکنیکم لای نووسەرانی حەفتا و هەشتاکان لە دیدارێکدا لە گۆڤاری( هەنار) دا کردووە و حەز ناکەم دووبارەی بکەمەوە،

* تاکو ئێستا ڕەهەندی سایکۆلۆجی لە پانتایی ئەدەبی ئێمەدا زۆر جێگەی گرنگی نەبووە، لە کاتێکدا فرۆید پێیوایە هەموو نووسەرێک سایکۆلۆجیەتی خۆی دەنووسێتەوە، بەڵام تۆ تەماشا بکە لە بەشێکی چیرۆک و ڕۆمانەکانی ئێمەدا کەمتر گرنگی بە ئیشکردن لەسەر سایکۆلۆجیەتی کارەکتەرەکان دراوە و نە توانراوە بە قووڵی بە ناخی ئەو لایەنەدا ڕۆبچن، ئایا تۆ ئەم حاڵەتە وەک خەوشێکی ئەدەبی نابینیتەوە؟

- ئەم پرسیارە زۆر جوانە، کاتی خۆی هەمان پرسیار لە بەختیار عەلی کراو گلەییان لەزمانەکەی هەبوو

گوایه پاڵەوانەکانی بەختیار عەلی بە زمانێک قسە دەکەن کە زمانی خەڵکی ئاسایی نییە، لەڕاستیدا لە مێژووی ئەدەبی ئێمەدا بەشێوەیەکی زۆر سادە کار لەسەر ئینسان کراوە، لێرەدا مەبەستم هەموو لایەنەکانە، بەلایەنی سایکۆلۆژیشەوە، (عەتا نەهایی) ڕایەکی زۆر خراپی لەو بارەیەوە هەیە و دەڵێ، دەبێت زمانی گوندنشینییەک وەک خۆی لە چیرۆک و ڕۆماندا بنووسرێتەوە و لەمەشدا مەبەستی ئەو زمانە سادەیەیە کە زۆربەی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی پێدەنووسرێ، دیارە ( عەتا نەهایی) چونکە خۆی ناتوانێت بەو زمانە قووڵە بنووسێت، دێت و بەرگری لە بۆچوونێکی وەها سادەو ساکار دەکات، دیارە تۆ هەتا بە شێوەیەکی قووڵتر ئیش لەسەر مرۆڤ بکەیت، زمانێکی قووڵترو دەوڵەمەندتر بۆ کاراکتەرەکانت بەکاردێنیت، ئیتر ئەو کارەکتەرەت قووتابی بێت یان فەرمانبەر یان نانەواچی یان کەسێکی هەژارو دانیشتووی کوێرەدێیەک، بەختیار عەلی بەو شێوەیە ئیشدەکات کە خەڵکە سادەکانیشمان زۆر بەجوانی و قووڵی دەتوانن باسی خۆیان بکەن، بەڕای من ئەمە سەیرکردنێکی زۆر تازەیە بۆ مرۆڤی ئێمە، تەماشای کەسێکی وەک ( مەنگور) بکەن لە ڕۆمانەکەی بەختیار دا، مەنگور کەسێکی چەقۆ وەشێنە بەڵام دەبینین چەند دێڕو وشەو پێناسەی جوانی لەلایەو ئەم چەقۆ وەشێنە خاوەنی چەند زمانێکی قووڵە و چ دونیابینینێکی هەیە. ئەمە ڕەنگە وەک ڕەخنە ڕووبەڕوی بەختیار بکرێتەوە بەڵام بەڕای من ئیشکردنێکی زۆر قووڵە، تۆ سەیری حەیدەری باوک، موزەفەری سوبحدەم و یاقووبی سنەوبەر، محەمەدی دڵشووشە، جەلادەتی کۆتر، پەروانە و نەسرەدینی بۆنخۆش، غەزەلنووس، سەوسەن فیکرەت و مەنسوور ئەسرین. ئەوە تێنەگەیشتنێکی سەیرە وا بزانیت هەموو پاڵەوانەکانی بەختیار بە یەک زمان قسە دەکەن هەر لەبەرئەوەی هەموویان بە قووڵیی قسە دەکەن. ئەوەشمان بیرنەچێت مرۆڤەکانی ئێمە ئەگەر دەرگایان بۆ بکرێتەوە ڕەنگە بتوانن بەو زمانە قووڵە قسە بکەن، بەڵام بە داخەوە هەندێ لە نووسەرانی ئێمە نایانەوێت مرۆڤی ئێمە بەو قووڵییە قسە بکەن، بەڵام من جاری واهەیە ژنی پیرم بینیووە زۆر جوان قسەدەکات و تەعبیر لەخۆی دەکات. کەسی سادەو نەخوێندەوار وەک زانایەک باسی سایکۆلۆژییەتی خۆی کردووە. من هەمیشە وتوومە گرفتی گەورەی ئەدەبی ئێمە ئەوەیە کە کاری لەسەر ڕۆحی ئینسان نەکردووە،

* پێموابێت شێرزاد بەهوشیارییەوە گرنگی بەلایەنی سایکۆلۆجی کارەکتەرەکانیدا، پرسیاری گەورەی لە زمانی منداڵێکەوە وروژاند کە بەدایکی دەڵێت ( بۆ حەوشەکەی ئێمە باخچەو گوڵی تێدا نییە) ئەم پرسیارە بەدرێژایی نەزمی چینایەتی دووبارە دەبێتەوە و نەوە دوای نەوە دووپاتدەکرێتەوە، تەنانەت لەچیرۆک و ڕۆمان و نۆڤلێتەکانیشیدا بەر سایکۆلۆجیەتی جیاجیا دەکەوێت، زۆرجار لە یەک ڕستەوە ڕۆحی مرۆڤێکت پێ ئاشنا دەکات، ڕەنگە ئەو جۆرە تێکستانەی کە گرنگی بە لایەنی سایکۆلۆجی دەدەن ئەگەر وەرگێڕدرێنە سەر زمانێکی تر، تێگەیشتن لێی ئاسان بێت تۆ لەمبارەوە ڕات چییە؟

– ڕاستە شێرزاد حەسەن کاری باشی لەسەر لایەنی سایکۆلۆژی کردووە، بەڵام بە داخەوە ئێمە کەس و دەزگای وامان نییە ئەو چیرۆکانە وەربگێڕن و چاپی بکەن و بڵاوی بکەنەوە، ئێمە کۆمەڵە چیرۆکی بیانی دەخوێنینەوە وادەزانین ئەوان زۆر گرنگن و خۆمان بەکەم دەزانین، بۆ ئەو نەزمە چینایەتییەی باستکرد ئێستا کەمتر ئاوڕی لێ دەدرێتەوەو بە جۆرێک لە جۆرەکان بابەتی گرنگیتر هاتۆتە کایەوە. بەڵام وەک وتمان شێرزاد حەسەن کاری باشی لەسەر لایەنی دەروونی کردووە و ئەمەش سەرەتای ئیشی ئەو بووە و بناغەیەکی باشی دانا و بۆ ئەوەش من هەمیشە سوپاسی دەکەم و خۆشم دەوێت، بەڵام بەدەر لە لایەنە دەروونییەکە، گەر باسی ئیشی قووڵ بکەین لەسەر ئینسان و ڕۆحی ئینسان، ئەوا لە بەختیار عەلی یەوە دەست پێدەکات و لەوەدا ئێمە هەموومان قەرزاری ئەوین.

* پێشتر باست لە ئەزموونی (عەتا نەهایی) کرد، من باسی دوو ئیشی عەتا نەهایی دەکەم (گوڵی

شۆڕان و باڵندەکانی دەم با) ئایا هەستناکەیت ئەم دووبەرهەمە بەدەر لە (بەختیار عەلی) کە داهێنەرێکی گەورەیە، بەڵام عەتا نەهایی خۆی لە چاوپێکەوتنێکیدا دەڵێت من ڕێڕەوی ڕۆمانی کوردیم گۆڕیوە، هەستناکەیت نەهایی شانبەشانی بەختیار عەلی لەو ئاستەدایە کە تیشکی بخرێتە سەرو بخوێنرێتەوە؟

– بە بڕوای من نەخێر. (عەتا نەهایی) زمانێکی زۆر ناخۆشی هەیە بۆ نووسین، دەتوانم ناوی بنێم زمانێکی زۆر لادێییانە، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ مرۆڤی لادێیی، مەبەستم لە زمانی لادێیی زمانێکی نامۆدێرنە کە لە شوێنی خۆیدا دەوەستێت و گەشە ناکات، دەنا تابیرەکەم دوورو نزیک پەیوەندی بە مرۆڤی لادێییەوە نییە. عەتا نەهایی هەرگیز بەراورد ناکرێت بە بەختیار عەلی، من نازانم ئەو برادەرە لە کوێ وتوویەتی کە ڕێرەوی ڕۆمانی کوردی گۆڕیوە و هیوادارم بە ڕاستی نەبێت و تەنها ویستبێتی نوکتەیەک بکات بۆ پێکەنین. هەرکەس ڕێگەی بە خۆی دا شتی وا بڵێت ئەوە بزانە ناتوانێت بۆیە وا دەڵێت. دەبێ کەسانێکی تر وا بڵێن نەک خۆی، بەرهەمەکانی وا بڵێن نەک خۆی، بەختیار تا ئێستا ڕووی نەهاتووە بڵێ شتێکم گۆڕیوە و من بیناسم قەت بڕوا ناکەم شتی وا بڵێت.، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەم لەبەرچاوە کە کاکە عەتا نەهایی نووسەرێکی دیاری کوردستانی ئەودیوە و هەوڵەکانی لە چیرۆکدا دیارن و خوێنەرێکی باشی هەیە بە تایبەتی لای خۆیان. بۆ ئەوەش دەستخۆشی لێدەکەم و هیوادارم بەردەوام بێت و تیشکیشی بخرێتە سەرو بخوێنرێتەوە.

* ئەی سەبارەت بە چیرۆکی حەفتاکانی خۆمان پێتوایە پێویست بێت بخوێنرێتەوە و بە چاوێکی شیکارییانەوە جارێکیتر لێیان بڕوانین؟

– بێگومان بەو شێوەیە نەخوێندراوەتەوە، پێویستیان بە خوێندنەوەی جیاواز جیاواز و هەمەلایەنە، پێویستە بزانین بۆ ئێستا چای شیرینی مامۆستا حسێن عارف سارد بۆتەوە بۆیە پێویستمان بە چاوێکی ترە. چاوێکی جددی و ڕەخنەگرانە بە بێ جنێو و شتی شەخسیی، کە ڕەخنەی کوردی زۆر جار پێی دەژی، من لە چاوپێکەوتنێکی تردا ڕەخنەم لە بۆچوونی مامۆستا گرتووە لە باسی تەکنیکدا، ڕەخنەم لە تەکنیکی نووسەرانی هەشتاکانیش گرتووە و لەو پاڵەوانانەش کە ئەوان بۆ ئێمەیان دروستکرد، ڕەخنەم لە چیرۆکی گەنجەکان هەیە و قەت نەمشاردۆتەوە و درۆم لەگەڵ نەکردوون. کێشەکەش لەوەدایە لەناو کورد دا تا ئێستاش ڕەخنەگرتن زەحمەتە.. چونکە تا ئێستا لای ئێمە ڕەخنەگرتن وەک شتێکی زۆر شەخسیی دەبینرێ و لە ئاستی جنێودایە.، چونکە من ئەوە باش دەزانم کە شاعیر و نووسەرانی ئێمە دڵیان زۆر ناسکەو زوو عاجز دەبن. هەتا ئەم شتانە وابن ئێمە ناتوانین هەموو دەرگاکان بکەینەوە، بیست سی ساڵی تر ڕەنگبێ کەسێ بێت و ڕەخنە لە من و نەوەکەی من بگرێت، من لەلای خۆمەوە دەڵێم با بەخێر بێت.

* نەوەی تازە لەڕووی شیعرەوە هەست بە ئاسودەیی دەکەن بەوەی میراتێکی باشی شیعریان لە سەردەمی کلاسیکەوە تا هەشتاکان بۆ ماوەتەوە، بەڵام پێدەچێت نەوەی تازەی چیرۆک لەم لایەنە مێژووییەوە بڕێک بێشانس بن، تۆ ڕات چییە؟

– ئەمە قسەیەکی زۆر ڕاستە. مێژووی ئەدەبی ئێمە مێژووی شیعرە و چیرۆک زۆر تازەیە، ئەوەی ئێمە بۆمان ماوەتەوە کۆمەڵێک تێکستی ئەو نووسەرە ئازیزانەیە کە بە ژمارە زۆر کەمن، ئەو میراتە لە حەفتاکانەوە دەستپێدەکات، ئەمەش زۆر کەمە بۆ ئەوەی ئێمە بینای خۆمانی لەسەر بکەین، بەڵام چارمان نییە هەر دەبێ بیکەین.

* ئەو چیرۆکنووسە کۆنانە تاچەند بە ئاگایی و ڕۆشنبیرییەوە دەستیان بە نووسینکرد، هەستناکەیت بڕێک بێ مەعریفە بوون؟

– دواجار پرسیارێک هەیە ئەویش ئەوەیە هەوڵی تاکەکەسی ئەو نووسەرانە چی بوون، گەڕان و خەونی

ئەو نووسەرانە چی بوون؟ بەڕای من جگە لە ئاستی رۆشنبیری و مەعریفی، گەڕان و خەونی زۆربەشیان لاواز بوون، کەواتە تەنها مەسەلەکە لاوازیی رۆشنبیریی هەندێکیان نییە، تۆ تەماشای مەحوی بکە دەبێ لە کتێبخانەکەی مەحویدا چ کتێبێک هەبووبێت و چەند کتێب بووبێت. بەڵام مەحوی خۆی خەونی هەبووەو گەڕاوە، بۆیە خۆی بە تەنیا لای من کتێبخانەیەک بووە. چیرۆکنووسانی حەفتاکان زۆربەیان فارسی و تورکی و عەرەبییان زانیوەو توانیویانە بخوێننەوە و هەندێکیشیان خوێنەری چاک بوون، بەڵام خەونیان لاواز بووە، لە کاتێکدا ئەو خەونە مەزن و جیاوازە دەتکاتە نووسەرێکی جیاواز. ئەگەر خەونی گەورەت نەبێت نابیتە نووسەر، من ماڵەکەی دۆستۆیڤسکیم بینیوە کە بووە بە موزێ، چوومەتە ئەو ژوورەوە کە ( برایانی کارامازۆف)ی لێ نووسیووە. کتێبخانە تایبەتییەکەیم بینیوە و زۆر گەورە نەبووە، بەڵام ئەو نووسەرە خەون و کتێبەکانی زۆر لە کتێبخانەکەی گەورەتر بوون، بۆیە توانی تێکستی زۆر گەورە بنووسێت. لە مێژووی شیعردا ئێمە خاوەنی نالی و مەولەوی و مەحوین، بەڵام لە چیرۆکدا ئێمە ناچارین لە حەفتاکانەوە دەست پێبکەین. بۆ ئەوەش نابێ سارد بینەوە، بەڵکو دەبێ قبووڵی بکەین و ئیشی بۆ بکەین.

